# بن بەستی ماددەی 140، بن بەستی ئاسۆی سیاسی ناسیونالیزمی کورد!

**سامان کەریم**
zaryak@yahoo.com

ماددەی 140 بە بن بەست گەیشت، ئەمڕۆ دەسەلاتدارانی ناسیونالیزمی کورد خۆیان ڕایدەگەیەنن کە جێبەجێکردنی ئەم ماددەیە بۆ "6" مانگی دیکە دوا دەخریت واتە تاکو 30حوزەیرانی ساڵی 2008، بەڵام لەوەزیاتر بێئۆمیدی بە جێبەجێنەکردنی ئەم ماددەیە لە زمانی جیگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانو ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتیەوە زۆر ڕۆشنتر خۆی نیشان دەداتو دەڵێت" پیاو شەرم ئەیگریت بەشدار بیت لەم حکومەتەدا". بەدیلی ئەمڕۆیان بەشداری کردنی ڕیکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە لە جیبەجیکردنی ئەم ماددەیەدا. بەشداری ڕیکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لە چارەسەری ئەم کێشەیەدا کە خۆی تەرەفێکەو پێی وایە کاتی جێبەجێکردنی ئەم ماددەیە نیە، مانای لە سێدەرانی ئەم ماددەیە. ئەم ماددەیە جیبەجێ ناکرێت. ئەوەی کە ئەم ماددەیە ماددەیەکی دەستورییە و پێویستە جیبەجێبکرێت، وەهمێکی گەورەیە دەرخواردی خەڵکی کوردستان دەدرێت. ئەم ماددەیە بە جیا لەوەی کە پەیوەندی نیە بە چارەسەری کێشەی کەرکوکو خەلکی کەرکوکەوە بە کورد زمانەکانی کەرکوکیشەوە، بەڵکو بەرژەوەندی یەك لایەن دەپارێزیت، ئەویش فراوانکردنەوەە دەسەلاتی ناسیونالیزمی کوردە لە نیوەندی دەسەلاتی ئەمڕۆی عێراقدا، بەم مانایەش دیسان ناسیونالیزمی کورد، خەپاڵ پلاوە، کە پێی وابێت لەسایەی پرۆسەی سیاسی ئێستادا و لەپاڵ ئیسلامی سیاسی شیعیو سوننیو ناسیونالیزمی عەرەبدا دەتوانێت ئەم ماددەیە جیبەجێبکات.

## ماددەی 58دواتر 140چۆن لە هاتەدی!

ماددەی 140 ماددەیەکی تەوافقی نیوان ئیسلامی سیاسی شیعیو سەرکردایەتی بزوتنەوەی کوردایەتیەو خراوەتە نیو دەستورەوە، بەلام نە دەوڵەت هەیە نە دەستور ، بەلکو هێزو حزبی دەسەلاتدارو میلیشاکان هەن. نە مالکی سەرۆك وەزیرانی عێراقە"جگە لەناوەکانیان"، وە نەهوشیار زیباری وەزیری دەرەوەی عێراقە، وە نە تاڵەبانی سەرۆکی عێراقە، وە نە هیچ وەزیرێك وەزیری عیراقو کابینەی مالکیە، وە نەپەرلەمانیش پەرلەمانی خەڵکی عێراقە. زۆر سادە لە ڕۆژنامەکانی خۆیانەوە بە کوردیو عەرەبیەوە ئەم راستیە دەردەکەوێت. هەریەکەیان سەرۆكو وەزیری حزبی خۆیاننو تەوافقیان کردوە ناوەکانیان وابێت، کە سەرۆكو وەزیر و سەرۆك وەزیراننو سەرۆك پەرلەمان بن. ئەوکات بە پێی هێز هاوسەنکی نیوان ئیسلامی سیاسی شیعیو سەرکردایەتی بزوتنەوەی کوردایەتی لە کوردستانی عیراق، ئەم ڕیکەوتنە ئەنجامدرا، بەتایبەت کە هەم ئیسلامی سیاسی سوننی غائب بوو وە هەم بزوتنەوەی ناسیونالیزمی عەرەب بێ صاحیب بوو، لەو کاتەدا ماددەی 58 بڕیاری لە سەردرا، لەسایەی داگیرکاری ئەمەریکادا. دیارە بۆ ڕاگرتنی هەلومەرجی ئەوکاتی عێراق ئەمەریکا پێویستی بەم دوهیزە هەبوو. پاشان کە لەدەستوردا ماددەکە جێخراو کرایە 140 ناسیونالیزمی عەرەب دیسان غائب وە ئیسلامی سیاسی سوننی باڵی " قانونی" لاواز بوو. ئەوکات ئەمەریکا ناچار بوو هەر چۆنیك بیت ئیسلامی سیاسی سوننی بەشدار بکات لە پرۆسەی پیادەکردنی دەستورو لە ژیر ناوی "بەشداریکردنی سوننەدا". ئەوکات ئیسلامی سیاسی شیعیو سەرکردایەتی بزوتنەوەی کوردایەتی هەردوولایان پێویستیان بە یەکتری هەبوو، هەم بۆ فەرزکردنی دەسەلاتی خۆیان وەهەم بۆ وەستانەوە بەرانبەر بە پێشهاتە سیاسیەکانو بەتایبەت بەرابنەر بە ناسیونالیزمی عەرەب، کە هێشتا خۆی ئامادە نەکردبوەوە. ئەمڕۆ هێز هاوسەنگی نیوان هیزە سیاسیەکان بەتایبەت دوای فەشەلی ئیستراتیژو سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقو ناوچەکەدا گۆڕانی گەورەی بەسەردا هاتووە. ئەمەریکا لە بەرانبەر "مقاومەی" ئیسلامی سیاسیو بەعسیەکاندا شکستی نەخواردوە، بەلکو لە بەرانبەر بلۆك بەندی نوێی جیهانیو زلهیزەکانی جیهاندا بە چۆکدا کەوتوە. لە بەرانبەر چیننو روسیاو بە دەرجەیەك یەکێتی ئەوروپادا شکستی خواردوە. بەڵام شکستی ئیستراتیژی ئەمەریکا کاریگەری گەورەی بوو وە هەیە بەسەر تەواوی هیزو ئەحزابو دەوڵەتانی ناوچەکەوەو، هەریەکەیان بەلایەنگرو بەرهەلستکاری سسیاسەتەکانی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا وە بەپێێ جیگاو ڕیگایان لە هاوکێشە سیاسەکاندا کاریگەری وەردەگرن لە شکستی ئەمەریکا.

## فەشەلی ئیستراتیژی ئەمەریکا لە عێراق و ناوچەکەدا!

سیاسەت و ئیستراتیژی ئەمەریکا لە عێراق و ناوچەکەدا فەشەلی هێناوەو شکستی خواردوە. ئیسیراتیژی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا: پێکهێنانی ڕۆژهەلاتی ناوەراستی گەورە، لە ڕێگای جێبەجیکردنی سیاسەتی خۆیەوە لە عێراقدا، واتە روخانی صدام پیکهینانی دەوڵەتێکی "دیموکراتی" لە ڕیگای صندوقەکانی دەنگدانەوەو بەم پێیە جیگۆرکێی هیزەکان بە شێوەیەکی سلمی لە دەسەلاتدا، دامەزراندنی بازاڕی ئابوری ئازاد. ". بێگومان فەشەل هێنانی ئەم زلهێزەی سەرمایە لە جیهاندا، ڕەنگدانەوەی فەشەلێکی قوڵترە لە ئاستی جیهانیدا. شکستی ئەمەریکا نەك لە بەرانبەر هیزە ناوخۆییەکانی ئیسلامی سیاسی و بەعسیەکاندا، وەنەك لە بەرانبەر ئیران و ڕەوتی صەدردا، بەڵکو لەبناغەوە ئەمەریکا لەبەرانبەر بلۆك بەندی تازەی زلهێزەکانی دنیادا شکست دەخوات. لە بەرانبەر چین و روسیاو، بەدەرەجەیەکی کەمتر لە بەرانبەر یەکێتی ئەوروپادا. ئەوەی بەعس بە هێزەوە سەر دەردەهێنێەوەو "صحوەکان" پیکدەهێنیتەوە بە پارەی ال سعودو بە سەرپەرشتی ئەمەریکا، ئەوەی بە شەپۆل تیرۆریست خۆی دەکات بە عێراقدا، وە ئەوەی کە ئەمەریکا ناچارە ڕۆژ بە ڕۆژە سازش و تەنازول بکات بۆ ناسیونالیزمی عەرەب و بۆ ئیسلامی سیاسی سوننی وە بۆ تورکیا... لە بناغەوە لە بەرانبەر هیچ یەك لەم هێزانەدا نیە، بەڵکو نیشاندەری بە چۆکداکەوتنی ئەمەریکایە لە بەرانبەر زلهێزەکانی دنیادا کە بە توانایيەکی ئابوری و سیاسی هیجگار گەورەوە لە بەرانبەر ئەمەریکادا لە هەموو قوژبنێکی دنیادا قوت بونەوە. سوریا بە پشتی روسیا لاساری دەکات، ئیران بە پشتی چین و روسیا توانای لاساری هەیە لەبەرانبەر ئەمەریکادا... تورکیا لە بۆشایی و کێبەرکێیانە سود وەردەگریت و دەیەوێت مەوقعیەت و نفوزی سیاسی خۆی لە ناوچەکەدا بەهێز بکات لەسەر حسابی ئەمەریکا، بە بیانووی بوونی " پ.ك.ك"لەکوردستان... بۆیە لە جیاتی عیڕاقیکی ئامن و "دیموکراتی"و جیگۆرکێی دەسەلات بە شێوەیەکی سلمی.. عێراقێکی نا ئامن و نا ئارام و شەری تائیفی و تیرۆریستی سەر دەردەهێنێت، لەجیاتی پێکهینانی دەوڵەت، میلیشایی ئەحزاب دەسەلاتدارێتی دەکات، لە جیاتی پەراوێز ڕاگرتنی سوریا، سوریا نەخشی خۆی دەبینێت لە ناوچەکەدا، لەجیاتی لاوازکردنی حزب الله، ئەو بەهێز دەبێت و تەنانەت توانای ئەمەریکا بۆ جێخستنی سیاسەتی خۆی لە لوبناندا بە ناچار پێویستی بەوە دەبێت کە داوای کۆمەکی سوریا بکات لە ڕێگای سارکۆزییەوە... فەشەل هێنانی ئەمەریکا لە عێراقدا مانای شکست خواردنی ئیستراتیژییەکەیەتی لە گشت ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەراستداو بەم پێیەش گشت ئیستراتیژی جیهانی ئەمەریکا" نیزامی نوێی جیهانی" بەسەرکردایەتی بێمونافسی ئەمەریکا، دەخاتە نێو تەنگەژنەیەکی گەورەوە، گشت ئەم ئیستراتیژییە جیهانیە دەرگیرە لەگەڵ فەشەلێکی ناچاردا، تەنانەت ئەگەر قۆرتێکی دیکەی تێبکەوێت وەکو چۆن 11ی سێبتمبەر تێیکەوت، بۆ ماوەیەك ئەمەریکا جڵەوی خۆی گرتەوە دەست.

هەلومەرجی ئێستا دروست هەلومەرجی دوای روخانی بلۆکی شەرق و دوای 11ی سێبتمبەرە، بەلام بە پێچەوانەی ئاراستەی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکاوە. ئەوکاتانە ئەمەریکا لەسەری توانا و هێزەوە بەنمایشی سەربازی سەرەڕویی دەکردو سیاسەتی " حملەی استباقی" دەبردە پێش. ئەمڕۆ هەمان سیاسەت لەبەردەم ئیدارەی ئەمەریکادا هەیە، بەلام نەك لەسەری توانا و هیزو سەرکەوتنەوە، بەڵکو لەسەری لاوازی و پاشەکشەوە. دروست وە کە ئینسانێك خەریکی لەنێو ئاودا دەخنکێت، پەنا بۆ هەر شتێك دەبا کە رزگاری ببێت، ئەمەریکا ئێستا بەنێونیشانی زلهێزترین و بەهیزیترین هزیی سەرمایەداری لە جیهاندا لە مەوقعی ئەو ئینسانەدایە.

## ئەم ماددەیە جێبەجێناکرێت!

ئەمە یەکەم جار نیە من لەسەر ئەم ماددەیە دەنوسم وە باس دەکەم، پێش زیاتر لە سالێك لە هەفتەنامەی چاودێردا لە ژمارەی 79ی ئەم هەفتەنامەیەدا وتارێکم بۆ بلاوکرایەوە کە بەدوایدا بە 8 ووتار وەلامدرایەوە. ئەوکات بۆ من رۆشن بوو کە ئەم ماددەیە جێبەجێناکریت بەڵام وەلامی چاودێر بۆ من ئەوە بوو کە ئێمە " سیاسەت نازانین" " ناتوانین لە گەڵ ئەحزابی دیگەدا هەڵبکەین" " ئەوە نیە مالکی خەریکی جێبەجێکردنی ماددەیەکەیە"، تەنانەت کار لای چاودێر گەیشتە ئەوەی ئێمە لە " لینین" نەگەیشتوین چونکە "نازانین بزوتنەوەی ناسیونال دیموکرات یانی چی!" ...ئەمڕۆ حەقیقەت زیاتر ڕۆشنە.

ئۆمێدێك كە سەركردایەتی بزوتنەوەی كوردایەتی و هەردوو حزبەكەی خۆیان پێوە بەستبووەوە بۆ جێبەجێكردنی ماددەی 140و تەواوی ئاسۆی سیاسی خۆیان گرێ دابوو بە ئیستراتیژو سیاسەتی ئەمەریكاو سیاسەتی شەڕخوازیو داگیر كارییەكەی ( جێگاو ڕێگای یەكێتیو پارتی لە نیو ئیستراتیژی ئەمەریكادا لە ناوچەكەدا، باسێكی دیكەیە). ئەوان هەموو ئامانجیان " بەشداریكردن بوو لە دەسەڵاتی مەركەزدا لە بەغدا، وەك شەریكو بەشی بورژوزای كورد". بۆ هێزەكانی بزوتنەوەی كوردایەتی روخانی "صدام" تەنها لە بەرئەوە بوو كە هیچ بەشێكی لە دەسەڵات پێنەدەدان. لێرەوە ڕوخانی صەدام "نەك بەعس وەك نوێنەرو ڕابەری بزوتنەوەی ناسیونالیزمی عەرەب" دەبێتە ئامانجێكی ئەم بزوتنەوەیە. بەم پێیە ئیستراتیژو سیاسەتی ئەحزابی ناسیونالیزمی كورد لەگەڵ سیاسەتی شەرخوازی ئەمەریكا تێكەڵ دەبێت. بەلام بەشداریكردن لە دەسەلاّت هەمیشە پێویستی بە ئامانجی سیاسی و شیعاری دیاریكراو هەیە، بۆئەوەی بەرگێكی ماددیو كۆمەڵایەتی لە بەربكاتو توانای هێنانە مەیدانی خەڵكی هەبێت. بۆیەكێتیو پارتی "عێراقی دیموكراتو فیدرال": لە ڕوانگەی خۆیانەوە واتە عێراقیكی تەعددی ئەحزابی ئەقوامو تەوائیفو ئایینەكانو فدرالیەت بۆ كوردستانو لەم چوارچێوەیەشدا گێرانەوەی كەركوك بۆسەر كوردستان.....

لە چوارچیوەی ئەم ئاسۆ سیاسیەدا یەكێتیو پارتی دەوری كاریگەریان هەبوو لە سازادانی كۆنگرەی ئۆپۆزیسیۆنی عێراق لە لەندەن لە كۆتایی ساڵی 2002، كۆنگرەی خۆ ئامادەكردن بۆ شەڕو جێگرتنەوەی "صدام". پاشان بەدرێژایی چەند ساڵی ڕابوردوی داگیركاری ئەمەریكاو پرۆسەیەكی سیاسی كە لە عێراقدا بەرێوە چووە، ڕۆلێكی سەرەكیان گێڕاوە، لەم چوارچیوەیەدا فدرالیەتیكی ئفلیجو یەك لایەنەو دارشتنی ماددەی 58و دواتر 140 دێتە پێشەوە لەسەر بنەمای تەوافقو میكانیزمی جێبەجێكردنو قۆناغ بەندییەكانی بۆ دیاریدەكرێت.

ئەمە گشت ئاسۆی سیاسی ناسیونالیزمی كورد بوو، كە بەتەواوی لە ڕوانگەی خۆیانەو پێچراوە لە ئیستراتیژی ئەمەریكاوە. بەلام بۆ ئەمەریكا هەرگیز وانە بوە. هیچ كاتیك سەرانی ئەمەریكا بەشیوەیەكی ڕۆشنو ڕاستەوخۆ دیفاعیان لە فیدرالیەت بۆ كوردستان نەكردوە، هیچ كاتیك ڕاستەوخۆ دیفاعیان لە ماددەی 140 نەكردەوە. دواین هاتنی رایس بۆ كەركوك لە ناوەراستی مانگی 12ی 2007دا نمونەیەكی بەرچاوە، كە بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ رایس لە پاریزگاری كەركوك ڕایدەگەیەنێت كە ئەوان لەگەل ئەوەن كەركوك شارێكی سەربەخۆ بێت.، بەبێ ئەوەی باسێك لەماددەی 140 بكات.

كاتێك ئیستراتیژی ئەمەریكا شكست دەخوات، حەتمەن كاریگەری دەبێت لەسەر گشت ئەوهێزانەی كە لەگەڵی بوون یان دژی بوون. لەم نێوەدا تەواوی ئەوهێزانەی كە ئیستراتیژو سیاسەتی خۆیان بەستبووەوە بە جێبەجێكردنی ئیستراتیژی ئەمەریكاوە ڕۆشنە كە ئەوانیش شكست دەخۆن. لێرەوە گشت ئاسۆی سیاسیو ئیستراتیژی بزوتنەوەی ناسیونالیزمی كورد شكت دەخواتو بن بەست دەبێت، بەلام ئەمجارە "لەگەمەی ئەمەریكا"ی "دۆستی كورد"دا.

بەڵگەو فاكتەكانی ئەم شكستە ئیستراتیژییەی ناسیونالیزمی كورد، فراوانە. جیبەجێنەكردنی ماددەی 140 یەكیك لە فاكتەكانیەتی، بەلاّم ڕاگەیاندنی نەگەیشتنە ئەنجام لەگەل حكومەتی میلیشایی بەغدا لەسەر مەسەلەی نەوتو دەرهێنانی بەشە حصەی خۆیان، فاكتێكی ترە، پەیدانەبوونی فیدرالیەتێكی تر لە عیرّاقدا بەڵگەیەكی ترە. بەلاّم هەڕەشەو هێرشە ڕۆژانەییەكانی توركیا نەك فاكتو بەڵگەیەكی فراوانو گەورەیە، بەڵكو گشت ئاسۆوی سیاسی ئەم بزوتنەوەی هیجگار لێڵ كردوە. دواخستنی جیبەجیكردنی ماددەی 140 بۆ 6 مانگی ترو نیشاندانی ئەوەی گوایا پاش ئەو ماوەیە جیبەجیدەبێت، یەكێكە لەگەوەرەترین وەهمەكانی مێژوە، بەتایبەت كە نێوی رێكخراوی نەتەوە یەكگرتوەكان هاتۆتە نێو ناوانەوە، نیشانەی ئەوەیە ئەم ماددەیە، تازە لە دەست حكومەتی عێراقو هیزەكانی یەكێتیو پارتی دەرچووەو گۆڕاوە بۆتە كێشەیەكی نێونەتەوەیی.

بەلاّم ئیفلیج بوونی حكومەتی میلیشایی بەغداو گالتەجاری پەرلەمانو دەستورەكەی ئیتر بۆ هەموو كەس عەیانە. دەركەوتنەوەی بەعسیەكان بەهێزێكی زۆرەوە"صحوەكان"، مفاوەزەی راستەوخۆی ئەمەریكا لە گەڵیاندا لە مصرو لە ئەردەن، پارچە پارچە بوونی ئیسلامی سیاسی شیعی، وەستانی دەستور... هەموو ئەمانە نیشانەی ئەو ڕاستیەن كە لە عێراقدا هەم مەسەلەی دەوڵەت ساغ نەكراوەتەوە، وەهەم نیشانەی لەق بونی جیگاو ڕیگای ناسیولیزمی كوردە لە ئاستی عێراقدا. بەرەی موعتەدیلەكان نەك هیچ چارەی ئەم تەنگەژنەی یەكێتیو پارتی نەكرد بەڵكو مالكی و سەرانی ئیئتلافی ئیسلامی سیاسی شیعی، بە ئاشكرا ڕادەگەیەنن كە كاتی جیبەجیكردنی فیدرالیەت نیە، وە پیویستە ماددەی 140 بۆ كاتیكی زۆرتر دوابخرێت.

هەر لەسەرەتاوە جیبەجێکردنی ماددەی 140 وەهمێك بوو کە سەرکردایەتی بزوتنەوەی کوردایەتی دەرگیر بوو لە گەڵیدا. ئەوان بەپێی تەوافق لە گەڵ هیزگەلێکی کۆنەپەرستو ئاسمانیدا، کە جگە لە تیرۆرو دواکەوتوییو سەرکوتو وەحشیگەری هیچی دیکە نازانن، بەپێی کام بنەما مومکن دەبێت، بەرنامەو سیاسەتی ئەوان شارێکی وەکو کەرکوك بگێرنەوە بۆ "هاوپەیمانەکانی یەکێتیو پارتیان!!". ئۆمەتی ئیسلامو مەرجەعیەتی شیعی لە کوێو "قەومیەتو نەتەوە لەکوێ!". دیسان چەکی سەرکوت کە ناسیونالیزمی کورد لە ڕیگای پەرلەمانو حکومەتی هەرێمو میلیشیاکانیەوە بەکاریدەهێنێت، ئەگەر بۆ ماوە کورت سودێکی هەبێت، ئەوا دواتر لەسایەی هەژاریو نەداریو نەبونی هیچ خزمەتگوزاریەکدا بۆ هاوولاتیان، وە بونی ڕاوو ڕوتو فەرهودی سەروەتی کۆمەڵگا لەلایەن گەورە بەرپرسانەوە، ئەو سەرکوتە دەکاتە سیاسەتێکی پیچەوانە دژ بەخۆیان. نمونەکانی سەرکوت لە سەرەتاوە لە بەرتەسکردنەوەی ئازادی بیروڕاو پاشان قانونێکی هیجگار کۆنەپەرستی ڕۆژنامەوانی بوو کە بە شکست هێنرا دەردەکەوێت.

2007/12/22